www.kurdistannet.org

## بۆ ئارمانی جوانەمەرگ

**کەبەهۆی مردنێکی کوتوپڕی لە کۆتایی مانگی ١١ ٢٠٠٣**
**لەهەندەران لەسوید گیانی پاکی لەدەستدا جا پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی**
**خانەوادەی خوا لێخۆشبوودەکەم لەکوردستانی ڕۆژهەڵات**
**وەانشاالله خوا سەبوریان ئەدات ٠**
**اناللەوانا الیەراجعون**

ماوەیەک بوو پێنووسەکەم
وەک کەشتییێکی لەکار کەوتوو
لەقووڵایی دەریایەکی
ئاوی ناشیاو
بێسۆراخ بوو
لەتۆفانو بەرزو نزمی
ئاوی دەریاش
بەدی نەکرا
چونکە بێشک
لەنێو قوڕو بەردوو لمدا
گیری خوار بوو
لەپڕ زریانهەڵی کردوو
تاقە گوڵێکی لەئاسۆدا
ئاسۆیەکی بێتیسکی خۆر
لەباوەش بوو
هەرئەوگوڵەی کەوا دیاربوو
هەزارانمیلدوور لەوەتەن
لەباخێکیسەوزوو شیندا
بەدەستی ئەمڕفێنرا بوو
لەخاکێکی بێبەهارو دێمەکاری
وەکو بڵێی بۆئەم ڕۆژە
دەست نیشانو حەشاردرابوو

لەکۆلیا بوو
بەبێ رەحمی
لەشەوێکیساردوو سامناک
بەناوەختی
لەوولاّتێکی سەختو مردوو
کێشای بەئاوی
زەریای نوستوو
زەریاشلە خەوڕاچلەکیو
بەدەم شەپۆلّ هاواریکرد
ئاویلێلّ بوو
پێنووسی منی خستە تەکان
لەشوێن کەوتوو
سەرئاویخست
هەر بەسێو دوو
بەلامداخم داخیگران
بۆگولّێک بوو
گولێکیکالّ
بۆ ئەوڕۆژەی لەبارنەبوو
چونکە بێشک چاوەڕێ بوو
بۆ شنەی شەمالّ ، تامەزرۆبوو
چاوەڕێ بوو
بۆ ئەوباخەی بەنائومێدی لێی ترازابوو
بۆخەندەی خۆر ، ئاسۆی زیندوو
بۆئامێزی گەرمونەرمی دایکی خەوتوو
بۆ باخێکی چوار وەرزیسالّ
سەوزوو زیندوو
بۆ تروسکایی ئاگری شوان
لە ژێر داری مازوو ، بەڕوو
بۆ نیشتمانێکی ئازاد
کەبلّێ ئۆخەی ڕزگارمان بوو
بەلاّم کەچی پێنوسەکەم

له داخانا خزایه جەرگم
وەکو تیر بوو
فرمێێسکی ویست لەبۆ نوسین
ئەویش خوێن بوو
ووتیئەمر چیبنووسم
بۆ ئەزیزێک کەخەونەکەی
نەهاتە دێو بەنامرادی
بۆ دووا هەوار
لەغەریبیش جێگەی نەبوو
بارگەی تێک ناو
لەچاوو وون بوو

بەڵێن ڕەواندوزی
٢  ١٢  ٢٠٠٣
سوندسڤال سوید